# (سەمفۆنیای گوڵ و نان) *

ناڵە حەسەن



بالّندەکان , لە ئامێزی مانگ راکشاون
سەریان لە خەنەی"با" گرتووە
بە دوای پێستی مارمێلکەکاندا دەگەڕێن
پێڵووی چاوی تەرمەکان هەڵدەدەنەوەو
سەمایەکی بێ گۆرانیان لە پێش دەکەن
ئیرە گۆڕەپانی شۆڕەسوارانی غارغارێنە
گەنم لە گۆڕستانی ژێر سینگمان دەنێژرێ
پەلکە زێرینە,
بە حەیرانی تاڤگە و خۆرەتاو دەخەوێ
کارێزەکان, بە لەنجەوە چاو هەڵدێنن
باران, پرسەی ماتەمینی باخ و کێڵگەکان دەگێرێ
لەم ئۆقیانووسە هەناسە سوارەدا
رەگی چاومان لە ژێر کەپری بەر سێبەری بالاّمان
لە دایك بووە
ئێستاش, لە سەر پشتی هەور سەما دەکا
ئاگری سەر تەپۆلکەی ئەژنۆکانمان گەش دەبێتەوە
کێ دەڵێ .. هەر ئەمشەو تەرمەکان زیندوو نابنەوەو
زەماوەندی خۆرەتاو ناگێرن...؟!
ئەو شەقامەی لە بەفر دروست کرابوو وا خەریکە,
هێدی هێدی

دەتوێتەوە.

تارماییەکان بەرەو چیا

هەڵدەکشێن

داربەروو دەست بە چیرۆکی بەر ئاگردانی  شەوانەی

دەکاتەوە .

لە بن مەمکی ئەم سپێدەیە, درەختەکان پێدەکەنن

کانییەکان گۆرانی دەڵێن

داسەکان خۆیان تیژ دەکەنەوە

تەون کارەکان , دەسرازەی نوێ دروست دەکەن

پەپوولەکان ,عاشقانە دەم دەخەنە ناو دەمی یەکتری

کەمانجە ژەنەکانیش لە ناخەوە

بۆ سەمای فریشتەیی/  سەمفۆنیایگوڵ و نان دەژەنن...!

هەولێر 1994

---

* ئەم شیعرە لە کتێبی ( عەشق و بەرائەتی ئاو )  وەرگیراوە